


# بەرەو گۆڕان...

## بەرەو گۆڕانی بەنرخ
## نەك نەفامێتی هاوچەرخ

مەلا ئەحمەدی قامیشی

٢٠٠٩

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان

ئیسلام پەیک

پێگەیەکی ڕۆژانەی سیاسی سەربەخۆیە

Islampalk.org

﴿إِنَّ اللّهَ لاَ يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنْفُسِهِمْ﴾


ناوی کتێب : بەرەوگۆڕان

نوسەر : مەلا ئەحمەدی قامیشی

تایپ : شۆخان قامیشی

تیراژ : 1000دانە

ساڵی چاپ : (2009) ز

## پێشەکی:

الحمدالله والصلاة والسلام على رسول الله ...وعلىاله وصحبه ومن والاه..وبعد:

بنەمای پێشکەوتن وچاکسازی پابەندبونە بە یاساورێساکانی دینەوە ، بەلأم کاکڵەیدین نەك ئەوەی کراوە بەدین!ئیسلام شتێکە وڕاهاتن و تێگەیشتیمن وتۆ شتێکیترە،هەست بەسڵەمینەوە دەکرێ لە بەرامبەر چەمکی پێشکەوتندا بەهۆیکاڵفامی ئێمە لەلایەك وخراپ بەکارهێنانی ئەم چەمکە لەلایەکی ترەوە،لەکاتێکدا پێشکەوتنی تەکنەلۆژیالەخزمەت ڕاستیەکانی ئیسلامدایە،بەلأم کەئێمەلەوئاستەدا نەبین چ خەتالە دینەکەمانە؟ کە تۆمەتباردەکرێبەکۆنەپەرست یان چەقبەستوو دوا کەوتوو! کەیاساو ڕێساکانی ئەوجۆرە تۆمەتەکانە پوچەڵ دەکاتەوە ، مەبەستمان لەگۆڕان وپێشکەوتن ئەوەنی یە کەببینە ئەوروپی و ڕۆژئاوایی،بەڵکو مەبەست ئەو گۆڕانەیە کەلە سنوری فراوانی ئیسلامدایە وبەهۆی چەق بەستویی عەقڵەکان وەستاوە.ئامانجەکان نەگۆڕ ودیارن بەلأم ئالیەت وهۆکارەکان دەگۆڕێن،چونکە هەندێ جار بەتێگەیشتنی هەڵە لەدەقەکان ڕێگریمان کردوە لەهەنگاونان بەرەو چاکسازی و پێشکەوتن،زانایانی((اصول الفقه) فەرموویانە:(ئەصل لە عیبادات قەدەغەبون وشوێنکەوتنە،بەلأم ئەصل لە معامەلاتدا دەست کراوەییو حەلأڵ بوونە) لەبیروباوەڕو پەرستنەکاندا داهێنان و زیادی و

کەمی ناکرێ و نابێ،بەلام لەمامەلەی ژیاندا داهێنان پێشکەوتنە بەمەرجێ پێچەوانەی شەرع نەبێ وەك لەفەرمودەی پێشەوا و سەروەرماندا دەردەکەوێت کەفەرمویەتی: {من سنّ فی الاسلام سنة حسنةً له اجرها واجرمن عمل بها...} وەلەلایەکیترەوە خەریکە مێژووی خراپەکاری ڕابردووخۆیدوبارە دەکاتەوە!بەدوبارە سەرهەلدانەوەی تاوانەکانی سەردەمی نەفامی بەناویمۆدێل و پێشکەوتن و چاولێکەری کوێرانە..! کەجۆرێکە لەنەفامێتی هاوچەرخ لەبەرگێکی نوێدا ! بۆدەبێ لەبازنەیەکی داخراودا بخولێینەوە؟ دیارەگۆڕان خۆیلەخۆی داگرنگە، بەلام دەبێ بەپێی بەرنامەونەخشەیەکی زانستیانە بێت لەخراپەوەبۆ چاك لەچاکەوەبۆچاکتر،گۆڕان لەفیکروتێگەیشتن دا،گۆڕان لە هەلوێست و بڕیاردا لەڕەوشت وڕەفتاردا، بۆچیبێ بەرهەم وباربین بەسەر مرۆڤایەتی یەوە؟ لەکاتێکدا پەیامەکەمان هاندەریعیلم وعەقلْ و ڕیفۆرم وپێشکەوتنە!بۆیە لەم نامیلکەیەدا هەندێ لەخراپە و تاوانەکانی باوی سەردەم خراوەتە ڕوو کەهی سەردەمی نەفامین، بۆئەوەی خۆمانی لێ بەدور بگرین و هەلەکان چیتر دووبارەنەبنەوە،کە بەڕاست گەڕانی فەرموودەکانی پێشەواکەمان دەسەلمێنێ، ئەو گۆڕانەش لەسەرەتاوە لەهۆشیاری تاکەکانی خێزانەوە دەست پێ دەکات وپاشان بۆسەر شەقامەکان ودەزگاکان،وەدەبێت پلەپلە وقۆناغ بەقۆناغ بێ چونکە پلەپلەی وقۆناغ بەندی سوننەتی خوایەلەدروستکراوەکانیدا ولە فەرمانەکانیشیداوەك دروستکردنیزەوی وئاسمان لەماوەی شەش

ڕۆژداکەدەیتوانیلەیەك چرکەدادروستیان بکات وەهەروەها پێغەمبەریش ρلەماوەیبیست وسێ ساڵداتەواوی قورئانی بۆدابەزی و کۆمەڵگای گۆڕی لەفیکرو ئایدیاوە دەستی پێکردبۆڕەوشت و ڕەفتاروکردارو گوفتار،کەئەوەش ئامۆژگاریە بۆئێمەکەپەلەنەکەین و بەهێواشی گۆڕان بکەین وکتوپڕنابێ، ئەوەشمان لەبیرنەچێ کەبەپلەی یەکەم ئەولایەنەبەرپرسیارە لەگۆڕان وپێشکەوتن کەحوکم ودەسەڵاتی هەیە،بۆیەلەم کاتەدا ئیسلام بەرپرسیارنی یە لەگۆڕان و پێشکەوتن چونکە ئیسلام حاکم نییە.

بەئومێدیگۆڕانی ئیجابیوبەنرخ،نەك نەفامێتیهاوچەرخ لەبەر ڕۆشنایی قورئان وسوننەت داوبەرچاوڕونی زیاترو دوعای خێر.

**مەلائەحمەدی قامیشی**

**سلێمانی/مزگەوتیشەفیق بەگ**

مۆبایل/07701473902

## كاریگەری  وورە بەرزیبۆگۆڕان

ورەبەرزیپەیمان وسوربوونیدڵە لەسەرکردنیشتێ پێش ئەنجامدانی كارەكە جاچاك بێ یان خراپ .ورەبەرزی لەدڵەوەیە،دڵیش كەس دەسەڵاتی بەسەردا ناشكێ جگەلەخاوەنەكەی ،جاوەك چۆن مەل و باڵندەبەباڵ ئەفڕێ،بەهەمان شێوەش مرۆڤ بەنیەت وهیمەتیئەفڕێ بەرەوبەرزی بۆڕزگاربونیلەكۆت وبەندی مادی وجەستەی،(ابن قتیبە) لە هەندێ كتێبی حیكمەتدا هێناویە تی (عیون الاخبار،3 /231 ) مرۆڤی ورەبەرزئەگەركەوتوش بێ لەژێرەوە نەفسی هەربەرزیدەوێ وكەوتن و ژێردەستەیی قبوڵ ناكا، وەك بڵسەی ئاگر هەرچەندەخاوەنەكەی پێ ی پیائەنێ بۆئەوەی نەمێنێ بەڵام ئەوڕازی نابێ وهەربەرز دەبێتەوە.

### ورەی موسڵمان كـاری گەروگرنگترە لەكردەوەی:

هیمەت وورە بەرزی بۆئەنجامدانیكارێ لەسەروی كاروكردەوەیەتی، چونكە بەڕاستی ویستی بووە هەرچەندە بۆی نەكرابێ لەبەرئەوە بۆی نوسراوە: پێغەمبەر (ρ) فەرموویەتی (من هم بحسنة فلم یعملها ، كتبها الله عندە حسنة كاملة...) (بخاری) واتە هەركەس ویستیچاكەیەك بكات و بۆی نەكرا،خوای گەورە چاكەیەكی بۆ دەنوسێ،خۆئەگەر نیەت و ویستی بوو بیكات و ئەنجامیشیدا،ئەوە یەك بە دەتایەك بە (700) بۆی دەنوسرێ وە هەروەها لە فەرموودەی تریش دا هاتووە كە

خۆشەویستمان فەرموویەتی : (هەرکەس بەڕاستی داوای شەهید بکات خوای گەورە دەیخاتە ڕیزی شەهیدان هەرچەندە لەسەرجێگەی خۆیشی مردبێ) (مسلم وابوداود والنسائی وابن ماجه) ئەوە هەمووی پاداشتی نیەت و هیمەت و ورە بەرزیەکە بەڕاستی ویستویەتی و هەولێشی بۆداوە هەرچەندە هیچی بۆ ئەنجام نەدراوەچونکە هێزی موسڵمان لە نیەتی دڵەوە سەرچاوەی گرتووە، وەك خۆشەویستمان سەبارەت بە تەقوا فەرموویەتی(التقوی هنا) دەستی خستە سەردڵی و فەرموی تەقوا لێرەوەیە، جا کەسی ژیرو ئازا بەهۆی ورە بەرزی و حەزو ئارەزوی ڕاستی نیەت پاکی بۆ کارەکەی گوێ بە ئازاری دڕك ودالّی سەرێگە نادات،چونکە هێزو ژیانەوەی دڵی بەسراوە بەهێزی هیمەت و نیەتی دڵی، کەهاندەرەبۆ خۆشەویستی کارەکەی و سەلامەتی دڵ لە دوودڵیوخەمۆکی وبێ هێزی و بێزاری و ...وە بەپێچەوانەیشەوە خەڵکانی ورە ڕووخاو لەناخدا داڕماو ترساو وبێ دەسەڵات وجێ ماون ئەترسێ و شەرم ئەکات چونکە متمانەی بەخۆی نی یەو خۆی لەدەست داوە وناتوانێ هیچ هەنگاوێ بنێ و بارە بەسەر کۆمەڵگاوە .

**ورە بەرزماندو نەناسە و پیری نازانێ .**

پێشەوا بوخاری ڕەحمەتی خوای لێ بێ لە (صحیح) کەیدا دەڵێ هاوەڵانی پێغەمبەر(ρ) بە پیری فێری زانست و زانیاری بوو (ابن معاذ) دەڵێ پرسیم لە (أبا عمرو) تاکەیگونجاوچاکە مرۆۋ فێرببێ وبخوێنێ ؟ ووتی:تالەژیاندابێ چون ورەبەرز ماندونەناسەومتمانەی بەخۆیەتی،

هەرئەوشتانە بونە هۆكاری ئەوەكەلەسەرجەم بوارەكانی ژیاندا پێشبڕكەی چاكە بكەن لەزانین وخواپەرستی و پێشكەوتن.

## جیاوازی نێوان پێشـــبڕكێوحـــەسودیی

بێگومان كە پێشبڕكەی دروست وململانێ ی حەق ژیانی پێشكەوتوو دروست دەكات و ژیان بە ڕێزی بەرانبەرو جیاوازیەكانیەوە جوانە، بەڵام بۆ ئەوەی لێمان تێكەڵ نەبن پێویستە بزانین كە :

ململانێو پێشبركەی ڕاستی: هەنگاونان و دەسپێشخەریەوبۆئەوشتە چاكەی كە لە بەرانبەرەكەت ئەیبینی بۆئەوەی پێ ی بگەی یان لەوزیاتر كەئەوە لەدەروون و نیەتێكی باشەوەدێت ونیشانەی بەرزی و گەورەی و ئازایەتی وهەنگاونانە بۆگۆڕان وپێشكەوتن،لەزمانیعەرەبیدا مونافەسەی پێیدەوترێ كەلە (نفیس) واتە شتی چاك وبەنرخ كەنەفسی انسان ئارەزومەندە بۆی،خوای گەورە فەرموویەتی:(فاستبقوا الخيرات) واتە:پێشبركە بكە لەچاكەدا هاوەڵآن بەردەوام لە پێشبركەی چاكەدا بوون وهەوڵیان دەدا زیاتر سەردان و سەخاوەت و یارمەتی دان و هاوكاری یەكتربكەن و ڕەزامەندی خوا مسۆگەر بكەن، وەك پێشەوا عمر مونافەسەی پێشەوا ئەبوبكری كرد لەماڵ بەخشین دابۆ غەزا و نیوەی ماڵەكەی هێنا بۆ پێغەمبەر (ρ) بەڵام ئەبوبكر هەموی هێنا بۆپێغەمبەرو خواو پێغەمبەریشی بۆ مناڵەكانی جێ هێڵا!! وەلەوبوارەوە نەیتوانی بگات بە ئەبوبكربەڵام حەسودی ڕەوشتێكی خراپ وپیسە و ڕێگری لێكراوە چونكە ماڵ وێرانیە بۆ دنیاوقیامەت،كە لەبەرنەفس نزمی وبێ

دەسەلآتی،خۆی ئاوات دەخوازێ بۆنەمانی نیعەمەتێ کەخوابە بەرانبەرەکەی داوە بۆئەوەی وەك ئەوی لیٚ بێت ! کەسیفەتی شەیتان و بێبڕوایانە بەوەی کەحەزدەکەن کۆمەڵی خۆیان زۆربێ وەك خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ودوا لو تکفرون کما کفروا فتکونون سواء ..﴾جاحەسود دژی نیعمەت وخۆشی وچاکە یە بەلآم ئەوی تریان لەهەوڵی زیادکردنی چاکەو خۆشیەکانە و هەوڵ دەدات بۆ هێنانەدی ئەو دەسکەوتە باشانەی کەبەرانبەرەکانی پێیگەیشتوون و سورەلەسەرچاکسازی و داهێنان وپێشکەوتن وگۆڕانی ئیجابی.

## لەهەموو شتێ بەهێزتر هێزی ئیمانە :

لەم ڕۆژگارەدا موسڵمانان بێ سەروبەری و بێ هێزیان پێوە دیارەکە دەگەڕێتەوە بۆلاوازی بیروباوەڕوچۆك دادانیان لە بەرامبەر دوژمنان! بێگومان بیروباوەڕی بەهێزسەرچاوەی هەموخێروبنەمای سەرکەوتنە، لەمەسنەدی ئیمام ئەحمەدا هاتووە (دوای ئەوەی خوای گەورە زەوی دروست کرد،زەوی ئەجولآونەدەوەستا بۆیەچیاکانی پیاداکوتین و ڕاوەستا، فریشتەکان وتیان ئەی خوایە چ شتێك لەچیاکان بەهێزترە؟ فەرمووی ئاسن،وتیان ئەی چیت دروست کردووە لە ئاسن بەهێزتر؟ فەرمووی ئاگر، ئەی چی لەئاگر بەهێزترە، فەرمووی ئاو(چونکە ئاسن چیادەبڕێت ئاویش ئاگر دەکوژێنێتەوە) ئەی لەئاو بەهێزتر، فەرمووی با، ئەی لەبا بەهێزتر؟فەرمووی: هێزی ئیمانی بڕوادار).

## ئیـسلام چۆن دڵەکان دەگۆڕێ ؟!

ئیسلام توانی باشترین نمونەی مرۆڤایەتیلەکۆمەڵگەیەکی خراپ و دواکەوتوودا دەربهێنێ کەپێشتر دژایەتی یەکتریان دەکردو کچ یان زیندەبەچاڵ دەکرد...،(سەهلی کوڕی عبدالله) یەکێ بوو لەکەسانەی کەلە صوڵحی حودەیبیەدا دەیگوت نابێ بنوسرێ (بسم الله الرحمن الرحیم)، یان نابێ بنوسرێ( محمد رسول الله)، بەڵکو دەبێ بنوسرێ (باسمك اللهم.. یان محمد ابن عبدالله...) بەڵام دوای ساڵێك لەوە کەموسڵمان بوو بینیان کەپێغەمبەر(ρ)سەری چاك دەکرد ئەو مووەکانی هەڵدەگرتەوە بۆ پیرۆزی ! ئەبوبکریش بەم دیمەنە دەگریا ئەمە وەك نمونەی مشتێ لەخەرمانێ،ئیسلام ئاوا دڵەکان دەگۆڕێ... ئەی دڵی ڕەقی ئێمە بۆناگۆڕێ!؟ گەربەڕاستی یەك جار داوای لێبوردن لەخوا بکەی بەوگەورەیەی خۆی لێت دەبورێ، بەڵام جاری وادەبێ کەدووکەس ناکۆك بوون یەکێکیان چەند جار داوای لێبوردن لەوی تردەکات ولەبەردڵ ڕەقی لێ ی نابورێ!.

## هۆیەکانی پێگەیشتن و وورەبەرزی

1) زانیاری و بەرچاوڕوونیکەلەسەروی هەمووشتێکەوەیە کەبەهۆیەوە ڕێگەی ڕاست دەدۆزیتەوە ولەفێڵی شەیتان ڕزگاردەبی و مافی هەموو خاوەن مافیێئەزانی .

2) خەمی دواڕۆژو سەفەری قیامەت: پێغەمبەر(ρ) فەرموویەتی : (من کانت همه الاخرة جمع الله شمله....)

واتە:(هەرکەسیێخەمی دواڕۆژبێت خوای گەورە کارەکانی بۆ کۆدەکاتەوە بۆی ڕێك دەخات،دەوڵەمەندی و قەناعەت دەخاتە دڵیەوە ودنیا بەرەوڕووی دێت و ئەویش گویێ ی پیێ نادات،وەهەرکەسیش هەوڵیبۆدنیا بێت خواکارەکانی بلأودەکات و چاوبرسی دەبێت و تێرنابیێ،...) (ابن ماجە)

3) یادی مردن: بیرکردنەوە لە مردن کەتێکدەری خۆشیەکانە، وادەکات کەدوربیێ لەحەسودی وغەرەزوبوغزوخۆبەزل زانین و درۆودووڕوی و ...،کەخۆت ناسی ودڵنیابووی لەوە کە چنگیێ خۆڵێ و ئێسکە ڕزیوی،ئیتر لەخوابەولاوە لەهیچ ناترسیێ ئەوکات توێشوی بۆ ئامادە دەکەی و ئازاوبوێر ودلێر و دەبێت...

4) نزاو پاڕانەوەخێرو بەرەکەت ڕادەکێشیێ .

5) **تێکۆشان و هەوڵدان، چونکە نەفس ئەگەر سەرقاڵی نەکەی بەحەق ڕاستیەوە، ئەوسەرقاڵت دەکات بەخراپە و تاوانەوە.**

## هـۆیەکانی داڕوخـان

**هۆکارەکانیبەزین ولەناخەوە ڕووخان وکەئەنجامەکەی بێ ئومێدی وبێزاریە لەژیان ئەمانەن:**

1) **(الوهن) وەك پێغەمبەر (ρ) ڕوونیکردۆتەوەبە{خۆشەویستی دنیا و ڕق لێ بوونەوە لەمردن، خۆشەویستی دنیا سەری هەموو خراپەیەکە،کەبەهۆیەوە تەمبەڵ و بێ تاقەت وزاڵ بوونی حەزوئارەزوەکان و ڕۆچوون لە ڕابواردن وخۆشگوزەرانی دا کەهیلاك دەبێ لەپێشبڕکەی دنیاداریدا وپێشی ناگەین وکەسیش تەواوی نەکردوە وتەنها شوێنی تاقیکردنەوەیە } (دنیا کەلاکی بۆگەنیوە و شێرناچێتە سەرشتی بۆگەنیو) وە ڕق لێبونەوە لەمردن بەرهەمی دنیاپەرستی یە کەبەمەوە ماڵی قیامەتی وێران دەکات وتوێشوی بۆ کۆناکاتەوە، وەك نموونەیەکی زیندوو بەپێیی دان پێیانانیخۆیان تەنها لەساڵی(2008) (143) سەربازی ئەمریکی خۆیان کوشتووەدوای گەڕانەوەیان بۆ وولآت لە جەنگی داگیرکاری عێراق و ئەفغان!بەهۆی ترس ودڵەڕاوکێ وبێزاری یەوە کەبەرهەمی داڕوخان ودەروون بەزیویانە لەناخەوەپارەش بۆیانی پڕناکاتەوە .**

2) هەڵکشان و داکشان و زیادەڕەوی لەکارەکاندا،خەڵکانێکمان بینی کەبەتوندی گرتیان دوای بەتوندی بەریاندا ،خەڵکانێکیش ئەوەندە بەشلیگرتیان کەناوی بێ ناوەرۆك بوون بەرەو ساردبونەوەو پوکانەوەدەڕۆن،ئەوەی لەلای خوا وەرگیراوەمامناوەندی و بەردەوامیە تاسەر،وەك عائیشەی دایکی ئیمانداران دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (ρ) فەرموویەتی: {...،خۆشەویسترین کارلای خوا بەردەوام ترینیانە باکەمیش بێ} ،وەهەرەوەهافەرمویەتی:(إیاکم والغلوا...) واتە:دوربکەونەوە لەزیادە ڕۆیی.

3) تەمبەڵی وبێتوانایی وبێ دەسەلآتیدووگرفتیڕێگەی ژیانن کە پێغەمبەر(ρ) پەنای گرتووە بەخوا لەودووبەلأیە لەپاڕانەوەکانیدا کەفەرمویەتی(اللهم انی اعوذ بك من العجز الکسل ...) .

4) بێ ئاگایی(غەفڵەت)کەبەئاوی نەزانین گەشە دەکات ودژی چاکەیە.

5) بەهەڵە حاڵی بوون لەبیروباوەڕی ئیسلامی، بەتایبەت لەمەسەلەی (قەزاوقەدەر) وچۆنیەتی پشت بەستن بەخواوهاوارویەنابردن بۆ غەیری خوا لەبەرگیدینداری داوچەواشەکردنی بیری موسڵمان و لادانیان لەئیسلامەڕاستەکە کەفاکتەریدۆڕان وداڕوخانودواکەوتنە

## ئایا بێبروایان ورەبەرزو پێشکەوتــوون؟

خەڵکانێ چەواشەبوون وبەشان وباڵی ولأتە بێ بڕوایەکانداهەڵدەدەن و دەڵێن :یابانیەکان و ئەڵمانیەکان ئازاوپێشکەوتوون،ئەوەئەگەر لەڕوی تەکنەلۆژیاوە پێشکەوتوون بەلأم لەناخەوە ورەیان بەرداوە و دەترسن

هەربۆیە دیاردەی خۆکوشتن و بێزاری لەناویان زۆرە ولەبواری کۆمەڵایەتیەوە سفرن، چونکە هیمەت بەرزی و ئازایەتی سیفەتی ئەوانەیە کەبۆقیامەت تێدەکۆشن، ئەودڵ ودەروونەچەندە پیسە کە پڕیەتیلە شیرك وبێباوەڕی وتاوانکاری ....،وەك پێشتر ڕونمان کردەوەکە ویستی تەواو بەستراوە بە مەبەست و ئامانجی تەواوەوە {کمال الارادە بکمال المًراد } ئەوەی تەنها چاوی لەیەکەمیان بێ لەدووەمیان بێ ئاگابێ دەبێ جائەوانەی کەتەنها ژیانی دنیایان مەبەستە پێی دەگەن،بەڵام ماڵی قیامەتیان وێرانە، بۆیە دەبینی لە لوتکەی دەوڵەمەندی و تێری یەوە بێزارە لەژیان و خۆی لە کۆشکەکەیەوە فڕێ دەدات یان ئامانج لە ژیانی خزمەتکردنی سەگ و پشیلەکەیەتی!لەئەنەسەوە دەڵێ چومەخزمەت پێغەمبەر (ρ) لەسەر پارچە حەسیرێك پاڵ کەوتبوو کاتێ پێشەوا عومەر بینی کە پێغەمبەر لەسەرحەسیرە ڕەقەکەدایەو هیچی ترنییە وشوێنی حەسیرەکە لە جەستەی پیرۆزی دیاری دابوو، ئیمامیعمرگریا،پێغەمبەر (ρ) فەرمووی:ئەوە بۆ دەگری ئەی عمر؟ وتی واللە ئەزانم تۆ چاکترینی خەڵقی خودای ولەسەر پارچە حەسیرێك ڕائەکشێیکەشوێنەکەی لەسەر لاشەت دەرچوە، بەڵام (کیسراوقەیسەرەکان) یاری بەماڵی دنیا ئەکەن ولەخۆشگەزەرانیدان.وەتۆش لەوشوێنەی کەئەتبینم ؟ پێغەمبەر(ρ) فەرمووی:(ئایا ڕازی نابی کەئەوخۆشگوزەرانیە لەدنیا بۆ ئەوان بێت ولەدواڕۆژدا بۆئێمە،وتی(بەڵێ) فەرمووی:هەربەوشێوەیە

{رواه الشيخان وامام احمد }،بێگومان ژیانی دنیا لەچاو قیامەت قەترە بەدەریایە،کەواتە بێبڕوایان سەرەنجام ودوابڕاون، وەلەلایەکی ترەوە ئیسلام کاتێ بەرپرسیارە لە پێشکەوتن وداهێنان کەدەوڵەت و دەسەلاتی هەبێت،ئێستا لەم ڕۆژگارەدا هەرچەندە خەڵکی موسڵمان زۆرە، بەلام تەنها یەك دەوڵەتی ئیسلامی نییە کاربەحوکمیخودا بکات ئەینا لەڕۆژگاری خۆیدا شارستانیەتی ئیسلامی شاهیدە لەسەر پێشکەوتن وداهێنانەکانی ئیسلام ودادگەری کۆمەلایەتی. لەکۆتاییدا موسڵمان ورەبەرزو ئازایە چونکە بەمردنی ژیانیکۆتای نایە ودەچێتە ژیانی ڕاستەقینەوە، بەلام بێ بڕوایان ترسنۆك و ڕووخاون چونکە ژیانیان تەنها بۆئەم چەند ڕۆژەی دنیایە،بۆیە زۆری بۆکۆ دەکەنەوە و لە موسڵمانان دەوڵەمەندترن بەلام لەترس ودوودڵیداهاتویاندادەژین، لەناوخۆمان ولەدەوروبەرمان وەك نمونەش شەڕەنابەرانبەرەکانی جولەکە وموسڵمانانیفەلەستین چاکترین بەڵگەی ئازایەتین ...

## ئایـنی عـورفـی و چاولێکەری ..!

کێشەکەمان لە فیکروچۆنیەتی تێگەیشتن دایە بۆدین: ئاینی عورفیکە زۆرباوە تەنانەت لەناومزگەوتەکانیش دا،دینداریەکە کەلەباوباپیرانەوە بەعادەت وچاولێکەری بۆنەوەکانمان نەقلْ بووە،هێزوپێزی لەسەرعورفی کۆمەڵگایە نەك لەسەر خودی پرەنسیپەکانی ئایینەکە !

ئایذیعورفی لەسەرچاوەکانی ئایینەوە هەڵنەگۆزراوە بەڵکولەسەر وەعزوخیتابی قۆناغ و سەردەمەکانیهەڵدەهێنجرێت،چونکە ئاین بۆ هەموو قۆناغێك خیتابینوێکراوە بەزمانی ڕۆژگارو لەبەرگی تازەدا پێویستە،دیارە هەرکۆمەڵگایەکیش عورفی تایبەتی خۆی هەیەو ڕێگری لیٚناکریٚ ئەگەر پێچەوانەی شەرع نەبێت،بەلاٚم مەترسی ئاینی عورفی ئەوەیە کەجەوهەری ڕاستی ئاین لەکاردەخات , شوێن کەوتوانیئاینەکەش دەبنەقوربانی یەکەمی ئەودینداریە عادەت و ڕواڵەتیە،بۆیە ڕوبەڕوی هەندیٚ مەسەلەی فیکروئایدۆلۆژی دەبنەوە ، چونکە ئەم ئایینەعورفیەکە بەخودی ئایین تێدەگا ولەکاتێکدا ئاینەکەی هەڵگری پەیامی ڕاستی ودادپەروەری یە، گرفتەکان لێرەوە سەرهەڵدەدەن و لەسەر خودی ئاینەکەش دەکەویٚ، وەك دەبینی زۆرشت بەناوی دیینەوە کراوە و لەدین دا نی یە، بەناوی دیینەوە بازرگانی پێوە کراوە وستەم لەئافرەت کراوە ولەبەرگی دیندا خەڵکانێك خۆیان پڕکردووە لەجیاتی ئەوەی کەدیین بۆ خزمەتی خەڵك وخاك بەکاری بێنن لەخزمەتی خۆیاندابەکاریان هێناوە!! مامۆستایانیش لەڕابردوودا وەك پێویست نەبون لە تێگەیاندنی خەڵکی لەکرۆکیدیین نەك ئەوەی کراوە بەدیین و دوورە لەدین!! بۆیە ئەرکی تاکی موسڵمانە کەڕاستەوخۆ لە خودی سەر چاوەکانی ئیسلامەوە ئایینەکە تێبگەن وبیکەنە تەرازوی هەڵسەن گاندن وگفتوگۆکردن ولەسەر چەمك ودیاریدە ومەسەلە نوێیەکان،

ئێستا ئەوەندەی گرنگی دەدرێ بەڕواڵت و دیكۆرگرنگی نادرێ بە جەوهەروناوەڕۆك،وەهەروەها ئەوەندەی گرنگی بەعورف وعادەت دەدرێ ئەوەندە بەخودی دیینەكە نادرێ،چونكە هەندێ داب و نەریت گونجاونییە وحەرامەوهەندێكیشیان باشن و هەندێكیشیان دەبێ چاك بكرێن،ئەگەر لەناومزگەوتەوە دەست پێ بكەین هەرلە فاتیحای دوای بانگ وویردو تسبیحاتیدوای نوێژەكان، بۆنمونە كێ وتیبانگی مەغریب فاتحەی لەگەڵ نەبێ بەلاّم ئەوانی تر با لەگەڵی بێ؟كەخودی بانگ فاتیحای نییە، كێوتی باتسبیحاتی مەغریب و نیوەڕۆكورت بێ بەلاّم ئەوانی تر درێژ لەكاتێكدا فەرمودەی پێغەمبەر (ρ) لەسەر ئەوەیە كەدەبێ لەدوای هەموو نوێژە فەرزەكان (33)جار سبحان الله والحمدالله والله اكبر بكرێ كەدەكاتە (99) وبە لااله الا الله وحده لا شريك لە...(100)كە تەواو دەكرێ وهەركەسە بۆخۆی بیكات و بێدەنگ باشترە...)وزۆر شتی تری ناومزگەوت جادەبێ دینداری دەرەوی مزگەوت حاڵی چۆن بێ؟! ئەوەندەی گرنگی دەدرێ بە دانیشتنی پرسەونوێژە جەژنەكان نیوئەوەندە خەمی فەرزەكان ناخورێ!كەڕاستیەكانیان پێ دەوترێ, دەڵێن: ئێمە هەر ئاوامان هێناوە! ئەوەی ئێوە شتێكی تازەیە! دەمگوت هەرلەكۆنەوە ئارەق وقومارو ڕەش بەڵەك وژن بەژن ...باوبووە بەلاّم عادەتێكی خراپ ونەگونجاوە،مەرج نییە هەرچی لەكۆنەوە بۆمان هاتبێ چاك بێ... جابەڕاستی كێشەكەلە تێگەیشتنی دینەكەد ا یە كەلە

خەڵکانی زاناوداناوپسپۆڕوەرنەگیراوەبەڵکوزیاترلە کەسانێ وەرگیراوە کەلەبەرگی دیندابوون بەڵام زانانەبوون! تەنانەت ڕۆژێ وتم بەیەکێ لەنوێژ خوێنانی مزگەوت کاکەگیان مادام ئەهلی مزگەوت ودینی ئەم کاسبیەی تۆ دروست نی یەوحەرامە،لەوەلاٌمدا تەسلیم بوونە بەفەرمان ونەهی‌یەکانی خواوپێغەمبەر،یان دەڵێن ووتی: مامۆستا ئەمیان بەڕێگەی‌خۆی ئەویشیان بەڕێی‌خۆی!!وتم بۆتۆبەچەند ڕێگەدا دەڕۆی؟یان دەڵیٚ بەئارەزوی‌خۆم دەکەم کە ئەوە نیشانەی خۆپەرستییە نەك خواپەرستی،لەکاتێکدا ئیسلام مانای دونیابە فێڵ و قیامەت بەڕاست! مەگەر قیامەت بەرهەمەی‌دنیا نی یە؟ چون چی‌بچێنی لەدونیا ئەوەئەدوریتەوە،یان کە پێیان دەوترێ تەوقەکردن لەگەڵ ئافرەتی نامەحرەم حەرامەباخزمیشت بێ،ئەڵێ عادەتەوئێمەدڵمان پاکە! خۆخاوەنی‌دڵی پاك دەبێ دەست پاك و داوێن پاك بێ،مەگەر شەرع لەسەرووی هەموووەمانەوەنییە؟ یان قەڵەباڵغ بوونی مزگەوتەکان وبالاٌپۆشی هەندێ ئافرەت لەڕەمەزاندا و پاشان چۆڵ بوونی مزگەوت وهاتنەوە سەرباری سفوریان( کە بە ڕەمەزانیلە ناسراون )هەمووئەمانە چاولێکەری وعادەت نی یە؟ تەواوێك گەورە ببوم وام دەزانی مورووی شین لەچاوەزاردەم پارێزێ! ئەمانەو زۆری تریش کەدورن لەبنەماکانی ئیسلام وتا ئەمرۆو چەندین ساڵە کرابوون بەدین وخەڵکیان پێوە سەرقاڵە!ئیترلە شتەگەورەکانی‌دەرەوەی‌مزگەوت گەڕێ کەبەناوی سیستەمی‌نوێی‌جیهانی وعەولەمەوعەلمانیەت وپێشکەوتن وئازادی ومۆدێل ومۆدێرن و کوردایەتی یەوە ئەنجام دەدرێن...،کەلە بێگانە پەرستی دا ئەوەندە

لەپێشین واخەریکەکەلتوورەسەنایەتی خۆمان لە دەست دەدەین!!
ئەوەی کەنوسرا مشتێ بوولەخەرمانی‌دینداری‌عورفی وچاولێکەری لەکاتێکداپەرستش و بەندایەتی بەدوومەرجی سەرەکی لای‌خوا وەرگیراوە ئەوانیش:(الاخلاص والصواب ) واتە: بەدڵسۆزی بکرێ وبۆخوابێ، پاشان بەگوێرەی یاسای شەرع بێت،نەك بەمۆدێل و چاولێکەری بەئارەزوی من و تۆبێ .

## جیاوازیەکان خۆشی ژیانن

ئەگەرهەموووومان وەکویەك بیرکەینەوە کەواتە بیرناکەینەوە، ئەگەر هەموومان یەك ڕەنگ بین یان وەکویەك زیرەك بین یان هەموومان حەزمان لەیەك خواردن بێ ئەوەژیان هیچ مانایەکی نابێ، کاتێ قەدری زیرەکی دەزانی کەخەڵکانێ لەتۆ تەمبەڵ ترهەبوو، کاتێ لەزرەتی خواردنەکە دەزانی کەخواردنی ناخۆش تر هەبێ، بەهەمان شێوەش جیاوازی بیر کردنەوەش ململانێ و پێشکەوتن دروست دەکات تۆکە مێشکت پرۆگرام سازکرابێت لەسەر بۆچونێك و تەنها خۆت بەڕاست دەزانی و بەرامبە رەکەت نەخوێنیەوە! ئەوکات کێشەو کاردانەوە و توندوتیژی دروست دەبێ،کەدەڵێن (تطرَف) واتە: تەرەفێکی گرتووە جاچەند خۆشە کە ناوەڕاستی بگرتایە نەك ئەوسەری،دیارە هەرکەسە بەشێکی ڕاستی لەلایە بەڵام مەرج نی یە هەموو ڕاستیەکان لای ئەوبن،وەك (مەولانا) فەرموویەتی:حەقیقەت ئاوێنەیەکی گەورەبوو بەربۆوە ووردوپارچە پارچە بووهەرکەسەی

بەشێکی بەرکەوت، پێویستە سودلە شتە چاکەکانی یەکتر وەربگرین (وفی کل خیر)، لەبەرئەوەڕێزی بەرامبەرەکەت بگرەو بیخوێنەوە چونکە هەموومان بەیەکەوەبەستراوین ولەیەك کەشتی ژیانداین، خوای گەرەش فەرموویەتی﴿ومن ایاته خلق السموات والارض و اختلاف السنتکم والوانکم ...﴾ الروم/22

## بەرەوگۆڕانی ئیجابی

ئەگەر نەزانین چۆن بگۆڕێین.. بەدڵنیاییەوە ئەدۆڕێین :
﴿إِنَّ اللّهَ لاَ يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُواْ مَا بِأَنْفُسِهِمْ﴾ (الرعد/11)
واتە:بێگومان خوانازونیعمەتی لەهیچ گەل وکۆمەڵێك ناگۆڕێ ولێیان تێك ناداتائەوان خۆیان نەگۆڕن بەرەولاری وخواری خراپە،کەواتە پێویستە خۆمان هەوڵ بدەین بۆگۆڕان لەخراپەوەبۆباش ولەباشەوە بۆ باشتر،بۆگەیشتن بەبەختەوەری ئەبێ ئەوگۆڕانەلە خۆمانەوە دەست پێبکات لەسنورە فراوانەکەی شەرعدا،ئەبێ ببینە مامۆستای گۆڕانکاری نەك قوربانی ئەو،نەك ببینە سوتەمەنی هەندێ داب ونەریتی خراپی ڕابردوبە پاساوی ئەوەی کە لەسەری ڕاهاتوین،کەواتە ئەبێ هەوڵی بەدەست هێنانی بدەین، شتێك نییە بۆ خۆی بێتە ئاراوەبەڵکوئەبێ هەنگاوی‌بۆبنێین بەرەو گۆڕانکاری لەناخماندالەژیانماندابۆبەدەست هێنانی هۆیەکانی بەختەوەری ، و پێشکەوتن ،بەلأم بیرت نەچێ ئەبێ سەرەتا لەخۆمانەوە دەست پێ

**بکەین و پاشان دەگوازرێتەوە بۆدەوروبەرتاسەرجەم کۆمەڵگا دەگرێتەوە، گۆڕان لەچۆنیەتی بەڕێوەبردن و گوزەرانی خەڵك دا، گۆڕان بۆدەستەبەسەرکردنی عەدالەتی کۆمەلأیەتی،بەلأم بە ئاڕاستە یەکی ڕاست ودروستی زانستیولۆژیکیدا،کەهەموو ئەمانە لە سنوری فراوانی شەرعدا دەستەبەردەکریٚ، بەگۆڕان چاکسازی دەکریٚ و یەکەم هەنگاوی چاکسازی گۆڕانە، فەرمان بەچاکەو ڕێگری لە خراپە کەبنەمایەکی گرنگی ئیسلامە گۆڕانی بەردەوامە بۆ چاکسازی، هەرچەندە گۆڕان لەسەرەتاوە نامۆیەو گرفتی بۆدروست دەکریٚ بەلأم ئەگەر ڕەسەن و پەسەند بێت سەردەکەوێت وەك ئەوەی پێغەمبەرویارانی ئەنجامیاندا لەناوکۆمەڵگایەکیی نەفامیدا کۆمەڵێکی نمونەیان بەرهەم هێنابۆ مرۆڤایەتی، گۆڕانی ئێمەش بەگەڕانەوەمان دەبێت بۆ بنەماوڕەسەنایەتی ئاینەکەمان، نەك لادان و دۆڕان و چەواشە بوون بەناوی مۆدێلی مۆدێرن وسیستمی جیهانی،چونکە دینەکەمان کەم وکوڕی نییەوڕێگری نەکردوین لەگۆڕان وداهێنان و پێشکەوتن، وە لەبواری گوزەران ومامەڵەی ژیان دا دەستمان کراوەیە وڕێگە پێدراوەبەلأم گرفتەکە لەخۆماندایە، مەگەر شتیٚ پێچەوانەی ئاینەکەمان بێت، گۆڕان بە ئاڕاستە یەکی ئەرێنی دا لەسەرجەم بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگادا بۆهەموو سەردەمێك پێویستە چونکە ئیسلام بۆخۆی بەردەوام لەگەڵ چاکسازی ونویٚ بوونەوەدایە،پێغەمبەری پێشەوامان (ρ)**

فەرموویەتی: {من سن فی الاسلام سنه حسنه ..} واتە: هەرکەسێك لە ئیسلامدا شتێکی باش دابێنێ خێری‌خۆی پێدەگات ووەئەوەیش کەلەدوای ئەوبەشوێن ئەودا دەڕوات ، چونکە دەبێتە سەرمەشقی‌چاکەوبۆخراپە یش بەهەمان شێوە،بەلاّم بەداخەوە کەلەم ڕۆژگارەدا زۆرێك لە گۆڕانەکان بە ئاڕاستەیەکی خراپ دا دەڕوات وەك لەسیستمی پەروەردەوسیاسی وهونەری دا دەبینرێ وا دەزانن کە گۆڕان دەبێ هەربەدژایەتی دین بکرێ کەئەوەش خودی دۆڕانە .

## نمونەی گۆڕانی چاکسازی :

1)لەبواری نەریتە کۆمەلاّیەتیەکان دا گۆڕانکاری ڕویداوە بەهۆی هەلومەرجی ڕۆژگار جاهەندێکیان باشن و هەندێکیان خراپن، وەك تێکەڵی کوڕان وکچان وڕوتی ئافرەتان وخواردنەوەی ماددە هۆش بەرەکان وزیاد بوونی‌خیانەت وگەندەڵی وهەنگاونان بەرەو بێگانە پەرستی ودورکەوتنەوە لە ڕەسەنابەتی ئەمانە شتی خراپن.بەلاّم کارئاسانی لە مەراسیمی شین وشایدا شتێکی باشەو جاران بۆ پرسەکان نان دەهێنراو سەرجەم خزم و ماڵەکان ماندودەبوون،بەلاّم ئێستا بەپارە هاوکاری دەکرێن وخەڵکیش نامێنێتەوە بۆنان خواردن وگەربکرایە شەوان وبەیانیانیش قەرەباڵغی یان نەکردایەوە تەنها پاش نیوەڕۆکان بوایە باشتربوو

1) لەژێر پاساوی ( عەیبەوخەڵك لۆمەمان دەکات ) چەندین شتی‌باشمان لەدەست داوە! وەك ( مەلەکردن و وەرزش

بەهەموو جۆرەکانی یەوە کەلە سنوری خۆی دا دەرمانی دەردانە، بەلاّم ئێستا تەنها بۆکۆمەڵێکی دیاریکراوە! لەکاتێکدا عەیبە ئەوەیە لەتەرازووی خوادا عەیب بێت، بێشەرعی شکاندنی سنورەکانی خوا درۆوخیانەت و بەد ڕەوشتی عەیبەیە جێگەی لۆمەیە.

2) خوێندنەوەی یەکتروڕێزی بەرانبەرکە مافی ئیسلامە بەسەر یەکترەوە و گۆڕان و چاکسازی یە بەلاّم تانەوتەشەرو گاڵتە بەیەکترکردن سوکایەتی و نەفامی یە، چونکە بنەمای ژیان برایەتی و خۆشەویستی یە، وەك جارێکیان (أبوذر) لەڕوی سوعبەتەوە بەبیلالی ووت( کوڕی ژنە ڕەشەکە ) ئەمیش سکالاّیکردلای پێغەمبەری خواو پێغەمبەریش فەرمووی بە (أبوذر) تۆکەسێکی هێشتا سیفەتی سەردەمی نەفامیت تێدایە

3) لەیادی مەولود دا باکاریّ بکریّ کەئەوکۆبونەوەیە بۆمەبەستی بانگ خوازی و ئامۆژگاری (استغلال) بکریّ وبکرێتە کوڕی زیکروتەسبیحات، نەك مەسرەفی زۆری تیا بکرێت و زیاد لە قەبارەی خۆی گەورەبکرێت وکات بەسەربردن بێت،مەولود بووە بای سیّ ملیۆن دینارکەبابی تێدا لف دراوە کەدەکرا بە چکلات وشەربەتیّ ئەنجام بدریّ وپارەکەش بۆپڕۆژەیەکی ئیسلامی سەرف بکرایە، جا ئێستا کارئاسانی کراوە و هەر

بەدانیشتنی دوای نوێژی عیشا کۆتای پێ دێت بەڵام جاران ماندوبون مەسرەفی زۆربوو.

4) لەناومزگەوتیشدا هەندێ شت دەکرێ کە(عورف و عادەتە) نەك شەریعەت،وەك فاتیحای دوای بانگ یان تەسبیحاتی دوای نوێژەکان بەدەنگی بەرز کەباشتر وایە هەرکەسە بۆخۆی بیکات و ئارامی مزگەوت بپارێزێ وکاتی خۆی بۆیە بەدەنگی بەرز و تراوە (تعلیماً للجاهل) بەڵام ئێستا بەوشێوەیە پێویست ناکات چونکە خەڵکی ئێستافێربون ودەزانن.

## ڕاوێژکردن گۆڕان ونوێ بونەوەیە

لەیەك گەیشتن وڕاوێژکردن ولەئەنجومەنێکی ڕاوێژدا یان لە پەرلەمانێکی ئیسلامیدا (هەرناوێکی هەبێ گرنگ ئەوەیە لەچوارچێوەی ئیسلامدا کاربکات) بۆچارەسەرکردنی کێشەکانی ڕۆژگارلەسەربنەمای پسپۆڕی ودڵسۆزی خۆی لەخۆی دا گۆڕان و نوێبونەوەیە،چونکە ژیان بەردەوام لەگۆڕان دایە،مەشوەرەت فەرمانی خواوپێغەمبەرە ویەکێکە لەبنچینەکانی شەریعەت ،خوای گەورەکەباسی‌باوەڕداران دەکات دەفەرموێ:﴿والذين استجابوا لربهم وأقاموا الصلاة وامرهم شورى بينهم ومما رزقناهم ينفقون﴾(الشورى/28 ) واتە: ئەوانەی وەڵامی بانگەوازی پەروەردگاریان دایەوە نوێژە کانیان ئەنجام دەدەن وکارە کانیان بەپرس وڕاوێژدەکەن ولەوەی

پێمان بەخشیون دەیبەخشن.پێغەمبەروهاوەڵانی زۆرڕاوێژیان کردوە،چونکە بەهۆی  ڕاوێژەوە :

1)ڕاستی بۆ لێپرسراو ڕون دەبێتەوە لەگوێگرتن بۆ ڕای بەرانبەر .

2)بەشداری پیّ کردنی شوێن کەوتوانی لەبڕیاردان دا متمانەیان بەفەرمانەکانیزیاد دەبێت .

3)ڕاوێژپاڵنەرێکە بۆیەکڕیزی ودورخستنەوەی ململانیّ ودوبەرەکی .

4)بەڕاوێژکردن سودوەردەگیریّ لە ئەزمونی پسپۆڕو شارەزاکان .

ئەمەیەئەوئیسلامەگەورەیەکەبنەماویاساکانیبۆهەموورۆژگارێکە و ئێستالەچواردیواریمزگەوتداقەتیسیان کردووەوزۆرێکیش لە یاساکان هیخۆمانە ورەنگی خۆیانیان لیّداوە و پێمانی دەفرۆشنەوە!!

## فەرمان بەچاکەو رێگری لەخراپە گۆڕانە بۆچاکسازی وپاکسازی

یەکیّ لەبنەما سەرەکیەکانی ئیسلام فەرمان بەچاکەورێگری لە خراپە یە کەلەپێناو گۆڕانی ئیجابی وبۆچاکسازی وپاکسازی کۆمەڵگایە وفەرمانی خواوپێغەمبەرەوبەداخەوەکەئێستا لە ناو مانداکەم بوەبەهۆی لاوازی ئیمان وسەرهەڵدانی نەفامێتی ئەم رۆژگارەکەدەڵێن( دەست بەکلاوەشرەکەی خۆت بگرە) ودەنگ مەکە یان بەپاساوی ئازادی وسەربەستی کەس حەقیکەسینییە و ماف پێشێلکردنە! لە کاتێکدا خوایگەورەوەسفیئومەتیمحمد دەکات بەچاکترین گەل و نەتەوە چونکەفەرمان دەکەن بەچاکە و

ڕێگری دەکەن لەخراپەوباوەڕدارن، چون باوەڕداری ڕاستەقینەیە کەبەخەم گەل ونەتەوەیە وهەوڵی گۆڕانی ئیجابی دەدات وخیانەت لە گەل و نیشتمان ناکات، (كنتم خير امة اخرجت للناس تامرون بالمعروف وتنهون عن المنكروتؤمنون بالله) (ال عمران /110) کاتێ پێشەواعمر ئەوئایەتەی خوێندەوە فەرمووی: کێ حەز دەکات لەو ئوممەتەبێت بامەرجەکانی خوابەجێبێنێ،واتە فەرمان بکا بە چاکەو ڕێگری بکا لەخراپە،بەداخەوەکەهەندێ کەس ئەگەر ڕاستی نیشان بدەی دەڵێ:من ئازادم..تۆحەقت چیە ..خۆناچمە قەبری تۆوە.. ئەمەو چەندین وەڵامی تری نابەجێی نەفامی! هەر لەبەر پلەوپایەی ئەوبنەماگرنگەیەکەپێغەمبەر(ρ) فەرموویەتی: {من رأى منكم منكرا فليغيره بيده فان لم يستطع فبلسانه فان لم يستطع فبلقبه وذلك اضعف الايمان} (مسلم وابوداودوالترمذى والنسائى وابن ماجه)
واتە: هەرکەس لەئێوە خراپە یەکی بینی بابیگۆڕێ ولای بدات بەدەستی،ئەگەرنەیتوانیبابەزمان پێیان بڵێ،ئەگەرئەوەشی نەتوانیبابەدڵ پێیناخۆش بێ،کەئەوەش لاوازترینی ئیمانە. کەواتە پێویستەلەسەرموسڵمان لەپێناوکۆمەڵگەیەکیچاك وپاك و ئاسودە وبەختەوەربەپێی توانایخۆی فەرمان بکابەچاکە وڕێگری بکالەخراپە،بەڵام خۆی لەبیرنەکات ودەبێ لە خۆیەوە دەست پێبکات.زەرەدوزیانیکەمتەرخەمیکردن لەفەرمان بەچاکە و ڕێگریلەخراپە ماڵ وێرانی یە بۆهەموان وەك پێغەمبەر(ρ) لە فەرمودەیەکداکەئەمەماناکەیەتی وتیایدا کۆمەڵگایبەسەرنشینی

کەشتیەکی دووقات چواندووە،جائەوانەی فەرمانەکانی خواجیێ بە جیێ دەکەن بەردەوام پارێزگاری لە کەشتیەکە دەکەن وناهێڵن خراپکارکونی تیێ بکات چونکە هەموویان بەچاك وخراپەوە لە ناو دەچن،بەڵام لەناو کەشتیەکەدا خراپ کاری تێدایە وهەوڵی کون کردنی دەدات،جائەگەر لیێ گەڕێن وهەرکەسەیان بێدەنگ دابنیشن ئەوەهەموویان لەئاوەکەدا دەخنکێن، بەڕاستی وێنەیەکی جوانە و ئێمەش هەموومان پێکەوە دەژین و لەسەر یەك نیشتمان ودەبیێ بەخەمیەوە بین وڕێگری بکەین لەوانەی بازرگانی بەسامانی ئەم گەلەوە دەکەن وخیانەت و گەندەڵی بڵاودەکەنەوە وگەل بە ئاڕاستەیەکی خراپدا دەبەن،بێگومان ئەوانەدژی بنەمای فەرمان بەچاکەوڕێگری لەخراپەن وگۆڕان بەدژی خۆیان دەزانن و شەمشەمە کوێرەیش حەزی لەتاریکیەوبەتیشکی خۆر قەڵسە .

## ئیسلام ئازادیە :

گۆڕان وداهێنان وپێشکەوتن لەژێرسایەی ئازادیدا گەشە دەکات وپێدەگات، پەیامیئیسلامیش ڕابەروبەدیهێنەری ئازادیە بۆ مرۆڤەکان،کەڕزگاری کردین لەکۆیلایەتی وبەندایەتی هەواو ئارەزوەکان بۆیەکتاپەرستی،خوای گەورەفەرمویەتی:﴿وقل الحق من ربكم فمن شاء فليؤمن ومن شاء فليكفر﴾ واتە:بزانن کەحەق و ڕاستیلای پەروەردگارتانەوئیترکیێ حەزدەکات بابڕوابێنیێ وکێش نایەوێت بابیێ بڕوابیێ،بەڵام ئازادی سنوردارچونکەئازادی ڕەها زیانبەخشەوبیێ سەروبەری وبەرەڵڵایی لێدەکەوێتەوە،وەك چۆن سەیارەیەك بەناوی ئازادی یەوەلەڕێگەلابدات یان یاسای هاتو

چۆی‌پەیڕەونەکردئەوەسەرەنجام سەرنشینەکانی لەناودەبات،
بۆیەسەرەتاپێناسەیەکی کورتی ئازادی دەکەین کەلە کتێبی
(الاخلاق/احمدامین ص200)وەرگیراوە بەم شێوەیە،
یەکەم : پێناسەی ئازادی لای ڕۆژئاواییەکان(چی حەزدەکەی بیکە بەمەرجێ زیان بەکەسانی ترنەگەیەنێ) واتە : ڕێزلەبەرانبەرەکەی بگرێ ومافی پێشێل نەکات،ئەمەئەڵێن بەڵام واناکەن ئەوەتاخۆیان سەپاندووە بەسەرجیهاندا وئەوەی لەگەڵ بیروبۆچونی ئەوان نەبێت تیرۆریستەیان دواکەوتووە!
دووەم :پێناسەی‌ئازادی‌لەئیسلامدا:(لاضررولاضرار) واتە:(هەرچی حەزدەکات بیکات بە مەرجێ زیان بەخۆی وکەسانی تر نەگەیەنێ)واتە خۆی بپارێزێ لە زیان گەیاندن لەخۆی‌ولەخەڵکیش
ـ زەرەدوزیان لەکەسانی‌ترنەدات وەك کوشتن و لێدان ومالْ داگیرکردن و بوختان ودرۆ وسەرجەم خراپەکان.
ـ زیان لەنەفسی‌خۆشی‌نەدات کەئەویش دووجۆرە:زیانی دونیایی:وەك خۆکوشتن وخۆسوك کردن وماڵی‌خۆبەفیڕۆدان...،
وەزیانی‌قیامەتی:وەك بێ فەرمانی‌خواوپێغەمبەر(ρ)،ئەنجامدانی خراپەوتاوان کەدەبنەئەگەری سزای دواڕۆژ.
ـ ئازادی مافی ڕەوای هەمووکەسە،بەمەرجێك لەشەرع دەرنەچێ، وەك لەپێناسەکەدا هاتووە ڕێزلەخۆیشی وکەسانی تریش بگرێت و مافی‌بەرانبەر پێشێلْ نەکات،ئەوانەی بەدرۆیان بەنەزانی ئیسلام

تۆمەتباردەکەن کەگوایە ئازادی تێدانییە وبەزەبری شیرو تیر بەسەرخەڵکی دا سەپێنراوە زۆربەهەڵەدا چوون،چونکە خوا بەڕاشکاوی فەرموویەتی﴿لاَإكراهَ فِي الدين...﴾ واتە:لەوەرگرتنی ئاین دا هیچ زۆرەملێی تێدانی یە نابێ بەزۆربێت .

ـ ئیسلام دەیەوێ هەمووکەس بەئازادی بژیەت،هەروەك چۆن بەئازادی لەدایك بووەو نەهێڵێ هیچ کەس ئازادی لێزەوت بکات وبیچەوسێنێتەوە،وەك خوای گەورەفەرموویەتی:﴿لاتظلمون ولا تظلمون﴾ واتە: نەزوڵم بکەن وەنەزوڵمیش قبوڵ بکەن. عومەری کوڕی خەتاب (τ) بەدەسەلأتدارێکی فەرموو کەستەمی لە هاولأتیەکیهەژار کردبوو:( ئەوەلەکەیەکەوە خەڵکتان کرددوە بەکۆیلە!کەبەئازادی لەدایکیان بوون؟!

ـ دیارە بەشەکانی ئازادی زۆرن بەلأم دەتوانین هەموویان کورت بکەینەوەلە چواربەشی سەرەکی دا کەئەمانەن:1ـ ئازادی لە کۆیلایەتی، 2ـ ئازادی گەلان،3ـ ئازادی شارستانی،4ـ ئازادی ڕامیاری ،کەهەربەشەیان نوسینی زۆرهەڵدەگرێ لەشوێنی خۆیدا. ئەمەبەکورتی بەرکولێك بوولەڕونکردنەوەیچەمکی ئازادی،کە بە داخەوەئێستابووەتە دروشمیداگیرکەران وزلهێزەکان بۆفریودان ولادانی گەنجەکان ودەست بەسەرداگرتنی گەلان،ئەیناائازادی ڕاستەقینەتەنهالەئیسلامدا ببینە،مێژووی ڕابردومان زێڕینە.

## ئیسلام عیلم وعەقڵ وپێشکەوتنە :

ئاینی ئیسلام هێڵەگشتی‌یەکانی بۆدیاری کردوین وبواری زۆری هێشتۆتەوە بۆپرس وڕای لۆژیکی وهەڵهێنجانی یاساکان بەپێی پێداویستی ڕۆژگاروهەرگیزلەگەڵ دۆگمابوون وچەق بەستن دا نەبووە،ئەگەر سەیری دەیان ئایەت بکەین سەبارەت بە گرنگی و گەورەیی دروست کراوەکان لەکۆتایی ئایەتەکاندا دەفەرموێ:

﴿...لعلکم تتفکرون، لعلکم تعقلون، عبرةلاولي الالباب...﴾ کەمەبەست لەسەرجەمیان پەندوئامۆژگاری و تێڕامان و بیرکردنەوە و بەگەڕ خستنی ژیری مرۆڤەکانە ومیراتی پێشەواکەشمان دینارو درهەم و کۆشك و تەلارنەبووە بەڵکو زانست وزانیاری بووەکە هۆکاری سەرەکی پێشکەوتنە،وەبەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەندێ لە ئایەتەکان ئاماژەیان کردوە بۆگەڕان بەناوبۆشایی‌ئاسماندا و وە بۆنەوت وفڕۆکە وئۆتۆمبیل وکۆپی کردن (استنساخ) وسەرجەم پێشکەوتنەکانی سەردەمیان لێدەخوێندرێتەوە، ئەوەندە بەسە کە یەکەم فەرمانی پەیامی ئیسلامی (اقرأ...)بووە کەئاماژەیە بۆ خوێندن وزانیاری ودەیان ئایەت و فەرمودەهەن کەهاندەرن بۆ زانست وزانیاری ووشەی عیلم (345) جار لەقورئاندا دووبارە بۆتەوەبەلاَم ئەگەرکاریان پێنەکەین و لێیان بێ ئاگابین سودی ئەوتۆی نابێ بۆمان وەك وتراوە (قەدری زێڕ لای‌زەڕەنگەرە) ئێمە لێرە قورئان بۆمردوەکان دەخوێنین کەبۆ زیندوەکان هاتوە!، ڕۆژئاواییەکان بەعەقڵێکی‌مەعریفی‌سەیری‌دینەکەمان دەکەن بۆیە

لەهەرولاّتیٚ ڕوبەری ئازادی فراوانتربیٚ ئیسلام تیایدا زیاتر گەشەیکردوەوبلاّوبۆتەوە،لەهەرشویٚنیٚ گرنگی بدریٚبە زانست وزانیاری ئەوەلەوشویٚنەخەلّکی زیاتربەرەوئیسلام دیٚن چونکە مرۆڤەکان ویٚلّن بەدوای ڕاستیداومرۆڤیش بەبیٚ ئاین ناژی،وەك ئەنیشتاین دەلّیٚت:(الانسان بلادين كسفينة بلاملاح) واتە:مرۆڤی بیٚدین وەك کەشتیەکی بیٚ کەشتیەوانە،بۆیە خەلّکانیٚك لە ئەوروپا وئەمریکالەلوتکەی زانستەوەموسلّمان دەبن وەك کەشتیەوانی ئاسمانیئەمریکی ئارمستڕۆنگ کەلە سالّی(969) بەهۆی ئەوەی لەسەرمانگ گویٚیلەبانگ بووە!وزانای مەجەری (جرمانۆس) کە هەشت زمانی زانیوەو(150) کتیٚبی نوسیوە! وەهەروەهادەیانی وەك(دیمیتریبۆلیاکۆڤ)کەدکتۆرای هەبوولەفیزیا لەئۆکرانیا وە خاتوونیدکتۆرە(کاملاس داس)خاوەنی خەلاّتینۆبلّ، وە خاتوون (یۆڤۆن ڕیدیلی)،تەنانەت (مایکلّ ۆلّف)لەڕۆژنامەی (میدیامۆناتۆریس)لە 2001/6/11بابەتیٚکینوسیوەبەناونیشانی (islam the next amrkan relegon) واتە:ئیسلام ئاینیداهاتوی ئەمریکایە،وەڕۆژنامەی (sandey times)ی بەریتانیلە 2004/4/22نوسیویەتیکەزیاترلە(14) هەزارسپی پیٚستیبەریتانی موسلّمان بوون بەهۆیبیٚزاریونائومیٚدیان لەبەهایڕۆژئاواییەکان کەلەناوئەواندا کەسایەتی ناوداری(جۆناسان بیٚرت)ی تیٚدایە کە کوڕی(لۆردبیٚرتی)بەڕیٚوبەری

پێشوی (B.B.C)، سەیرو سەمەرە یەکەتازەدەیانەویٚ بەریخۆربەبێژنگ بگرن ولێرەولەویٚ دینەکەمان بەکۆنەپەرست ودواکەوتووتۆمەتباربکەن!ئەگەر مەبەست لەکۆن بوون زەمەن وکات بێت؟ ئەوا ئاینی مەسیحی وجولەکە و مێژووی دیموکراسی زۆرلەپێشتروکۆنترن لەئیسلام وئیسلام تازەیە لەچاو ئەواندا، خۆئەگەر بێزاربوون بێت لەشتە کۆنەکان بۆئەوەی بەکاریان نەهێنین ئەوا ئاووهەوا وخۆرومانگ وسەرجەم دروستکراوەکان کۆنن، ئەگەرمەبەست لەپێشکەوتنیش ڕوتی ئافرەتان وخیانەت ودرۆودوڕوی ومەی خواردنەوەودامێن پیسی و ئەوڕەفتارەخراپەنا بێت ئەوەمێژووی ئەوانە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی نەفامی پێش ئیسلام،کەواتە ئەوانەپاشکەوتوی بەناو پێشکەوتون!لەڕاستیدا پێشکەوتووکەسێکە خاوەن ئەقڵێکی بەرهەم هێن وبەکرداروگوفتاری شایستەوجوانیسودبەخش بێت بۆ مرۆڤایەتی ئەوەش تەنها لەموسڵمانی ڕاستەقینەدا بەرجەستە دەبێت، وەلە حوکمیئیسلامیش داکاتیٚفەرمان ڕەوایی بە دەست بێت، وەك شارستانێتی ئیسلامی لەڕابردودا شایەتی ئەم ڕاستییە یە،پێشکەوتنیش بەدروشم ودیکۆر نابێت، ئێستا گەلێك پێشکەوتوی پاشکەوتومان هەیە چونکە نازانن کەنازانن .

**بۆچی وڵاتانی ئیسلامی ناتەباو دواکەوتوون ؟**

دواکەوتنی وڵاتانی ئیسلامی ئەگەڕێتەوە بۆدوو هۆکاری سەرەکی:

یەکەم: هۆکارێکی زاتی و ناوخۆییە،کەباش تێنەگەیشتنە لە دین و پابەند نەبوونە بە بنەماکانی ئاین!
دووەم:دەست تێوەردانی دەرەکی لەلایەن زلهێزەکانەوە،کەوایان لێدەکەن سەرقاڵیناوخۆیان بن وئاگایان لەغەیری خۆیان نەمێنیٚ! هەربۆیە گەلانی دواکەوتوو لەیەك گەیشتنیان کەمە و لە جیاتی زانست وزانیاری ولۆژیك هێزبەکاردێنن.کەواتە هۆکاری ناتەبای ودواکەوتن ئیسلام نییەبەڵکودوورکەوتنەوەیەلەئیسلامە ڕاستەکە.

## بەرەوگۆڕانی بەنرخ ..نەك نەفامێتی هاوچەرخ !

مەبەست لەگۆڕانی بەنرخ گۆڕانی ڕاست ودروست وزانستی و شەرعیەکەبەهاداروبەنرخەولەبەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگادایە، وە پێچەوانەکەیشی هەرچەندە بەناوی گۆڕان ودروشمی تازەوجوان بیٚ هەردۆڕان ولادان وهەڵدێرانە،نەفامیهاوچەرخە لە بەرگێکی نوێداوخوای گەورەش فەرمویەتی:﴿ أفحكم الجاهلية يبغون ومن أحسن من الله حكما لقوم يوقِنون ﴾ لەشێوەی پرسیارێکی هەڕەشە ئامێزدا بە(استفهامیانکاری)کەوەڵامەکەی لەخۆی دایەتی ودەفەرموویٚ:ئایاداوایحوکمی نەفامیەتی دەکەن ؟! ویاسای خوا پشگویٚ دەخەن! جاچ یاساوڕێسایەك لە بەرنامەی خوا ڕاسترو دادگەرترە؟! بێگومان لەو ڕاستروچاکتر نیە. دیارە هەموو کەس

بەئومێدی چاكترو زیاترو خۆشترە،بەلاّم هەولّ دان بۆ گۆڕان و پێشكەوتن ئامانج و ئاواتی ئەوانەیە كەلەئاستی بەرپرسیاریەتی دان وئەیانەوێ خزمەت بكەن بەكۆمەڵگای مرۆڤایەتی، ئەوەش بەبێ هۆناكرێ ونابێ وەك لەسەرەتاوە ئاماژەمان پێدا بۆگۆڕینی ڕاستەقینە پێویستمان بە ئالیەت و میكانیزمی گۆڕانە وەك ئیمان و بیروباوەڕی تەواوبەهێزپاشان متمانە بەخۆبوون و ورە بەرزی و گەڕانەوە بۆ پرەنسیپ وبنەماكانی ئیسلام بۆئەوەی ڕۆژانە خشتێ بخەینە سەردیواری پێشكەوتن وداهێنان وخزمەت گوزاری، چونكە ژیان بەردەوام لەگۆڕن دایە،بۆیە پێشەواكەشمان بۆ ئەو مەبەستە هانمان دەدات ودەفەرموێ:( من استوى یوماه فهومغبون )واتە:هەر كەسێ دووڕۆژی وەك یەك بن ئەوە تێك شكاو دۆڕاوە،مانای وایە دەبێ تۆی موسڵمان ئازیانەوچالاكانە هەولّ و كۆششی ئەمڕۆت زیاتر بێ لە دوێنێ لەهەموو بوارێكەوە بە گشتی (پەنابەخوا) ئەگەر لەكەمی بدەین وتەمبەڵی بكەین وبگەڕێنەوە بۆ دیاردە خراپەكانی سەردەمی نەفامی پێش ئیسلام لەبەرگێكی تازەو نوێدا!كە دەبێتە نەفامیی هاوچەرخ .

## نەفامێتی هاوچەرخ

**ئەگەر نەزانین چۆن بگۆڕێین .......بەدڵنیاییەوە ئەدۆڕێین** ؟!

جێگەی داخ وسەرسوڕمانەكەلەسەردەمی تەكنەلۆژیاومافیمرۆڤ و جیهانگیری دا مێژووی نەفامی لەبەرگێكی تازەونوێدا سەری

هەڵداوەتەوە! لەڕێگەی شوێن کەوتنی نەزانانەوچاولێکەری کوێرانە بۆ مۆدێلی بێگانە،نەریتە خراپەکانی پێش ئیسلام کە ئەمڕۆ بونەتە هێمای پێشکەوتن و باوی سەردەم!ئەوەی پێغەمبەری پێشەوامان (ρ) (1431)ساڵ بەرلە ئێستا فڕێ یدان و خستیە ژێر پێیەوە تازە خەڵکانێك ئەیخەنە سەرسەریان !! لەوەش سەیرتر دینەکەمان بەکۆنە پەرست ناودەبەن بەڵام گەڕانەوە بۆ پێش ئیسلام بەلایانەوە تازە گەریە !! پێغەمبەر (ρ) لەبەشێکی وتارەکەی (حجة الوداع) دا فەرموی:{ألا کل شیء من امر الجاهلیة تحت قدمیَ موضوع} واتە: ئاگاداربن کەهەموو کارێکی سەردەمی نەفامی خستمە ژێر پێوە، (نابێ دووبارە ببنەوە خرانە زبڵدانی مێژووەوە چونکەچەمکی (کلَ شیِ) گشتییە بەڵام تایبەت کراوە بۆئەو شتە خراپانەی کە لەو سەردەمەدا باوبووە وبەهاتنی ئیسلام نەمان وکۆتاییان هات ئێستاش بۆیان گەڕاندوینەتەوەوەلەبەرگێکی تازەونوێدا !لەوانە :

یەکەم:. کوشتنی مناڵ:

لەسەردەمی نەفامیدا هەندێ لەبێ باوەڕەکان مناڵەکانی خۆیان ئەکوشت لەترسی هەژاری و نەداری یان کچەکانیان زیندەبەچاڵ ئەکرد لەبەرئەوەی بەلایانەوەعەیب وعاربوو کەشوبکات!کەئیسلام هات ئەوەی لێ قەدەغەکردن ولەچەندین ئایەتداباس لەوە دەکات کەرزق وڕۆزی هەمووان لایخوایەو کوشتنیان ستەمە و تاوانە، وەك فەرموویەتی(ولاتقتلوااولادکم من املاق) أنعام/15،یان سەبارەت بەکوشتنی

کچان فەرموویەتی:(بأی ذنب قتلت)واتە:بەچ تاوانێك کوژراوە ؟!
ئێستاش هەمان دیاردەی کوشتن و لەناوبردنی منالّ بە شێوەیەکی
تردووبارە بۆتەوە بەتایبەت لەباربردنی منالّی زیندو، ئەوژنانەی
کەدەچنەلای پزیشکی ئافرەتان بۆسۆنەری سکەکەی ئەگەربەدڵی
نەبووزۆرجارلەناوی‌دەبات کەئەوەش تاوانی‌کوشتنی نەفسێکە.
دووەم: .چەپڵەلێدان وفیکە کێشان:زۆرباوبووە لەسەردەمی نەفامی‌داو
تەنانەت لەکاتی‌پەرستش ودینداریەکانداکەبەدەوری بەیت دا
ئەسوڕانەوە!وەك خوای گەورەلەبارەیانەوە فەرموبەتی:﴿وماكان صلاتهم
عند البيت الامكاءَوتصدية.. ﴾ الانفال/ 35 واتە: نوێژکردنی ئەوبت
پەرستانە لەکەعبەدا هیچ نەبووجگەلە فیکەوچەپڵە لێدان نەبێت کەژن و
پیاویان بەڕووتی و تێکەڵاوی بەدەوری کەعبەدا دەسوڕانەوە!خۆیان
بەڕاست وچاك دەزانی(وەك ئەوانەی ئەمڕۆ) وبەتایبەت ئەگەر
موسڵمانێکیان بدیایە لەتەوافی‌کەعبەدا بەفیکەوچەپڵەگاڵتەیان پێ
دەکرد!بەداخەوە کەدوای چواردە سەدە ئێستا چەپڵە لێدان فیکە کێشان
دوبارەسەری هەڵداوەتەوەوبەتایبەت پیاوەگەورەکان دەبێ بەچەپڵە
پێشوازیان لێ بکرێ وبەلایانەوە نیشانەی پێشکەوتن وڕێزلێنانە!تەنانەت
هەندێ لەئیسلامیەکانش لەدوای کۆڕوئاهەنگەکانییان چەپڵە لێدەدەن !
کەلەڕاستیدا چەپڵە لێدان بۆدڵخۆش کردنی منالأنە یان بۆ تێك بەردانی
دوو(هینانە)،وەبەچەپڵەو فیکە لێدانیش هیچ گۆڕان وپێش کەوتن و
خزمەتێك بەرجەستەنابێت جگەلەهەرزەیی و سوکایەتی .

**سىێیەم: گومانی خراپ بردن:**

لەسەردەمی نەفامیداگومانیان خراپ بوو بەرانبەر خواو پێغەمبەرو قەناعەتیان نەبووبەسەرکەوتنی پێغەمبەرودینەکەی، لەکاتێکدا دەیانزانی محمد(ρ)ڕاستەو درۆناکات وڕاست وناڕاستیان تێکەڵ دەکرد،وەك خوای گەورە لەبارەیانەوە فەرموویەتی:﴿ ...يظنون بالله غير الحق ظن الجاهلية﴾ (ال عمران /154) واتە:(هەندێ لەوانەی کە ئیمانیان لاوازبوو هەرخەمی خۆیان بوو لەکاتی شکانی لەشکری موسڵمانان لەجەنگی (ئوحود)دا گومانیخراپیان دەبردوهێشتا ئیمانەکەیان ئاسەواری نەفامی پێوەدیاربوو...) بەداخەوە کەئێستاش بەهۆی لاوازی ئیمان وزاڵبوونی جیهانی مادده گەرایی‌بەسەر ڕوحدا گومانیخراپ زۆربووەبەرانبەر بەئیسلام وتەنانەت بەرانبەربەیەکتریش وکەبەهۆیەوەمتمانەو خۆشەویستی یان بەرانبەر بەیەکتر لەدەست داوەوبەچۆك داهاتوون بەرانبەردوژمنان چونکە خوایگەورەلەگەڵ گومانیبەندەکەیدایەوچۆن بیربکەیتەوە بەوشێوەیە دەبێت .

**چوارەم:حوکم بەیاسا دەسکردەکان .!**

لەبیروڕای ئیسلامدا حوکم وفەرمان ڕەوایی بۆخوایەودەسەلاٌت بۆخەڵکە لەدانانیبەرپرسیشیاو،واتە دەبێ بەیاساوشەرعی خوا کاربکرێت،نەك مرۆڤەکان بەئارەزوی خۆیان حەڵاڵ وحەرام دیاری بکەن یان کەم وزیاد لەیاساکان دابکەن بۆ بەرژەوەندی لایەنێك،یاسای مرۆڤکرد نەفامیە چونکە مرۆڤ عیلم وعەقڵی سنورداره وهەواوئارەزوبەسەری زاڵە، بۆیە

دەبینی بەردەوام لەبەربوونی کەم وکورتی سالأنە تعدیلات دەکرێت لەبڕگەیاساکانیاندا بەلأم لە ئیسلامدا هێڵە گشتی یەکان دیاریکراون ولەوچوارچێوەیەدا پرس وڕاومەشوەرەت دەکریٚ، جگەلەوەی کەهەندیٚ لەحوکمەکانی نەگۆڕن.لەسەردەمی نەفامی‌دا بەئارەزوی خۆیان یاسایان دادەنا،جیاوازیان دەکردلەنێوان منالەکانیان! یاساکان بۆدەسەلأتدار ودەولەمەندان جیاواز بوو لەجیٚ بەجیٚ کردنیدا لەچاو هەژارەکان ! ئەوەتائێستاش لەبەرگێکی تردا خەلکی بۆخۆیان یاسادادەنێن و لەدادگاکان کاربەشەریعەتی ئیسلامی ناکریٚ وحەددی زیناودەست بڕین وقصاص بەکۆنەپەرستی ودواکەوتویی لەقەلەم دەدەن وبانگەواز بۆپیادەکردنی شەریعەت بەجۆرێك لەدیکتاتۆری دەزانن وبەئاشکرا ڕەخنەلەقورئان وسوننەت دەگرن! لەکاتێکدا خوای گەورەفەرمویەتی:﴿ومن لم يحكم بما انزل الله فألئك هم الظالمون ...الكافرون ... الفاسقون﴾،هەرچەندە ئێستا موسلمانان بەوحالەتە ڕازی نین بەلأم حوکمی واقیع بەوشێوەیەودەبیٚلەهەولٚ دابین بۆگۆڕینی.

**پێنجەم:. سفوری ئافرەتان :**

لەسەردەمی نەفامی دا دابونەریتی ئافرەتان بەشێوەیەك بووکەخۆیان رووت دەکردەوە وجوانیەکانی خۆیان نیشانی بێگانە دەدا بەلارو لانجەو بۆنی خۆش ودەنگی بازن و خرخالٚ سەرنجی پیاوانیان بەلای خۆیاندا ڕادەکێشا،ئەوەلە کاتێکدا ئافرەت جوانیەکەی تەنهابۆ پیاوی خۆی بێت نەك وەك تاکسی گشتی بێت،بەلٚیٚ جارێکی ترلەسەردەمی بەناو

پێشکەوتن دا ئەونەریتە خراپە دوبارە گەڕاوەتەوە ناومیللەت وبۆتە نیشانەی پێشکەوتن وئازادی و سەربەستی ئافرەتان ئەوەتاخوای گەورەفەرمویەتی:﴿...ولا تبرجن تبرج الجاهلية الاولى﴾(الاحزاب /33) واتە:وەك ئافرەتانی سەردەمی نەفامی خۆتان مەڕازێننەوە وجوانیەکانی خۆتان دەرمەخەن، چونکەئەوان کەدەچونەناوبازاڕوتێکەڵی پیاوان دەبون بەنازو نوزەوە قسەیان لەگەڵ پیاواندا دەکرد،لەکاتێکدا یەکێ لەجیاوازیەکانی نێوان مرۆڤ وئاژەڵ بەرگ وپۆشاکەو بالأپۆشیش بۆ ڕێزو حورمەت و پاراستنی کەسایەتی ئافرەتانە،نەك کۆیلەیی وسوك سەیر کرانی (سبحان الله) لەگەورەیی ئەم ئیسلامەوبچوکی ئێمە، کەمتر بیرلەیاساکان دەکەینەوە ،دەرەنجام و سەرەنجامی سفوری وڕوتی بزانە چ فتنەیەکیلێکەوتۆتەوەوکەقوربانیێەکەمیش لەوفتنەیەدائافرەتان بۆ خۆیانن کەوەك بوکەشوشەیاریان پێدەکەن وبۆمەرامیخراپ بەکاریان دێنن.

**شەشەم: دەمارگیری وڕەگەز پەرستی :**

دەمارگیری وڕەگەز پەرستی بۆلایەن وتیرەوتایەفەورەنگ لەسەردەمی نەفامیدا باوبووکەلەلوت بەرزی وخۆبەزل زانینەوە سەرچاوەی گرتبوو، هەریەکەیان خۆی وتیرەکە بەگەورترو چاکتر دەزانی لەبەرانبەرەکەی و لەخۆیان بایی ببوو هەرئەوەش بووەهۆی ئەوەی کەسوربن لەسەربت پەرستیێەکەیان ونەیەنە ناوئیسلامەوە،خوای گەورە فەرمویەتی﴿اذجعل اللذين كفروا فى قلوبهم الحمية حمية الجاهلية...﴾ واتە:بێباوەڕەکان بە دەعیەوغیرەتینەفامیان ڕێگریان کرد لە پێغەمبەرویارانیکەسەفەری

عەمرەبەجیٚبێنن، ئێستاش بەداخەوە لەجیاتی عیززەت وغیرەتیئیمانی وتەعەصوب بۆئیسلام !دەبینی  دەمارگیری ولایەنگیری بۆلایەن وحیزب ورەگەزو رێکخراوعەشیرەت ونەتەوەپەرستی لەجیاتی نەتەوە ویستی و خواپەرستی ئەمانە وچەندین دەمارگیری رەگەزپەرستیوشتی تر دوبارە بونەتەوە لەم رۆژگارەداکەرێگرەلەسەلماندنیحەق وراستیەکان وتەنها کۆمەڵی خوی بەچاك وپاك دەزانیٚوبەهەمووشێوەیەك پشتگیری لێدەکات چاك بکایان خراپ ! ئەوەلەکاتێکدا لەئیسلامدا حیساب بۆ هەمووئەمانە کراوە لەسنوری خۆی دا،هەرئەوەش وای کردووە کەمیللەتێکی مسوڵمانیوەك کورد کە٪95 خاڵی هاوبەشیان هەیە و یەك ریزیان لەدەست داوەو کوردایەتی و ئیسلامەتیان پەراوێز خستووەو (هەرکەسە بەیاری خۆی هەڵدەڵێت) .

حەوتەم:. مـەی خواردنەوە :

لەسەردەمی نەفامیداڵارەق خواردنەوەئاسایی بووەك چۆن ئێستاچایی خواردنەوە ئاساییە، کەئیسلام هات پلەبەپلە بەهێواشی بنەبڕی کردوو حەرام کراوسزای دادکاری بۆداناچونکە زیان بەخشە بۆسەرومالٚ و دایکیخراپەوتاوانەکانە وهەمووکەس ئەوراستیە دەزانیٚکەماددە هۆش بەرەکان سەرچاوەی مالٚ وێرانیدنیاودوارۆژن، سەیرلەوەدایە کەدوای چواردە سەدە بەجۆرێك رەواجی پێدراوە کەئێستابە مەشروباتی رۆحی ناودەبریٚ وخەڵکانی خاوەن پلەوپایەورۆشنبیردەیخۆنەوە و نیشانەی پێشکەوتن وکرانەوەیە!!تەنانەت ئەوەندەشانازی پێوەدەکەن کەلەرۆژانی هەیدیلەسەررێگاکان مێزدەرازێننەوە!!بەموسڵمانانیش دەڵێن ئەوانەدواکەوتوون!!بەلاٚم وەك گوتراوە کەس عەیبیخۆی نابینیٚ ، ئەینا

خۆیان گەڕاونەتەوەبۆ(1430)ساڵ بەرلەئێستابۆسەردەمی‌نەفامی ئایا ئەوە پێشکەوتن وگۆڕانەیان پاشکەوتن ودۆڕانە؟نەفامێتی‌هاوچەرخەیان گۆڕانێکی بیٚ نرخە؟؟!

**هەشتەم: قومارکردن :**

بەهەمان شێوەیش لەپاڵ ئارەق داقومارکردنیش باونەریتی سەردەمی نەفامی بوو ئیسلام هات پێکەوە حەرامی‌کردن بەئایەتی:﴿ انما الخمر والميسروالانصاب...﴾ چونکە ماڵ خواردنی بە ناهەق وفیتنەوئاژاوەی تێدایەو جگەلەزەرەدوزیان هیچ سودی نی یە، ئێستابەهەمان شێوە لەم سەردەمەدا بەگەرمی سەری هەڵداوەتەوەبەتایبەتی کاربەدەست وزلە زلەکان شەوانی خۆیان بەئارەق وقوماربەسەردەبەن تاکوهەیان بووە ژنەکەی وکچەکەی دۆڕاندوە!! دیارەخۆشیان بەپێشکەوت ومۆدیرن و نوێخواز لەقەڵم دەدەن لەکاتێکدا کاری سەردەمی نەفامی دەکەن !.

**نۆیەم: بت پەرستی :**

بت پەرستی یەکیٚ بوولەنەریتە باوەکانی سەردەمی نەفامی لەنیوە دورگەی عەرەبی دا،بتیان دەپەرست بۆئەوەی لەخوایان نزیك بکاتەوە! کەلەدارو بەرددایان ئەتاشی،بەلاٚم ئێستالەم سەردەمەدا بت پەرستی بەشێوەیەکی ترە بزانن یان نەزانن دوبارە بۆتەوە بەناڕاستەوخۆ، بتی ئێستا هێزودەسەلاٚتی هەیە،پارەی هەیە،دەنگ وڕەنگی هەیەوخاوەنی بەرنامەیە ....،خەڵکانێك هەن بیٚ ئەوەی هەست بکەن بۆنەتە عبدی عبدان! کۆیلەی ئەم وئەو(پەنابەخوا) لەنەفامێتی هاوچەرخ کەخەڵکانێکی زۆر

پێشبڕکەی بۆدەکەن وشانازی پێوەدەکەن!چونکە بەپێشکەوتن و شارستانی دەزانن! ئەمەودەیان دەردو نەخۆشی تری وەك (مامەڵەی سودوڕیباوفێڵ کردن وخیانەت ونێربازی وکوشتنی بەناهەق و...) کەلەناوبەری مرۆڤایەتین وتێکدەری شیرازەی خێزانەودەرەنجامی ئەوانە دەیان نەخۆشی وەك: ئەنفلۆنزای حیزب و بەرازوئایدزی....، لیَ کەوتۆتەوەکەبەملیارەها دۆلاری بۆسەرف دەکریَ بنەبڕیش نابیَ، چارەسەری ڕاستەقینە گۆڕانی ئیجابیە کەگەڕاونەوەیە بۆبنەماکانی ئیسلام کەیەکیَ لە مەبەستەکانیشەریعەتی ئیسلام هاتووە بۆپاراستنی پێنج شتەگرنگەکانی مرۆڤ کەئەوانیش(دین وعەقلَ ومالَ ونەفس ووەچە) یە بۆپاراستنی دینەکەت جیهادی داناوە، بۆپاراستنی عەقلَ مەشروباتی حەرام کردووە وسزای بۆداناوە، بۆپاراستنی نەفسی مرۆڤ تۆڵە سەندنەوەی بۆداناوە وکوشتنی ناهەقی حەرام کردووە، بۆپاراستنی وەچەی مرۆڤەکان زیناودامێن پیسی حەرام کردووە، بۆپاراستنی مالَ و سەروەتی هاولاَتیان غەش و فێڵی حەرام کردووەودەستی دز دەبڕێت.

وەپێغەمبەریش(ρ) فەرمویەتی: {انما بعثت لاتتم مكارم الاخلاق } واتە: من بۆیەهاتوم کەڕەوشتەجوانەکان وبەهابالاَکان تەواوکەم، سەرجەم فەرزەکانی ئیسلام بۆڕەوشتە جوانەکان،بۆنمونە نوێژبۆبەرجەستەکردنی ڕەوشتیجوانە،ئەگەرنوێژیَ لەدرۆودووڕوی وحەرام وخراپە نەیگێڕایەوە کەواتەئەوەنوێژی ڕاستەقینە نی یە وچاولێکەری یە.لەبەرئەوەیە ئیسلام داوای گۆڕانی ئیجابی و نویَ بونەوەدەکات چونکە جیهان بەردەوام لە

گۆڕان دایە، بەڵام سورەلەسەردژایەتی کردنی نەفامی و زیندوکردنەوەی ڕەوشتەکانی وەك پێغەمبەر (ρ) فەرموویەتی: {ا بغض الناس الى الله ثلاثة: ملحد فی الحرم، ومبتغ فی الاسلام سنة الجاهلية، ومطلب دم امرىء بغير حق ليهرق دمه} (رواه البخارى) سیٚ کەس هەن خوازۆر ڕقی لێیانە(پەنابەخوا لەتوڕەیی خوا) بیٚ برِوالەحەرەمی کەعبەدا، کەسیٚ لەناوموسڵمانانداا ڕەوشتەکانی سەردەمی نەفامی زیندوبکاتەوە و بەشوێنی دا بگەڕیٚ و هەوڵی بۆبدا وپیاهەڵداوشیرینی بکات لەبەرچاوی خەڵك وەکەسێکیش بگەڕیٚ بەدوای ئەوەی کەخوێنی بەناحەق برِێژیٚ .

## جۆرەکانی نەفامی

نەفامی وەکوکات وسەردەم زەمانەکەی بەسەرچووە ونەماوە، بەڵام وەکو ڕەوشت ورەفتاریان مۆێلیڕۆژگار لەناوکۆمەڵگا دەبینریٚ لەسەر ئاستی تاکەکان :ئەوەکەهەندیٚ کەس ئەوشتانەدەکەن کەپێشترهەبون وئیسلام پوچەڵیکردنەوەجارەوشتیٚیان چەندشتیٚ لەوانەدەکات وەك: بەحەلاڵ زانینی ڕیبایان سوجدەبردن بۆبت کەئێستاش لەهەندیٚ وڵات هەیەئەمانە دەتخەنەخانەی بیٚ باوەڕییەوە، بەڵام هەندێکی ترلەو ڕەفتارانە هەر چەندەکەهی سەردەمی نەفامین بەڵام مرۆڤ پێی لەدین دەرناچیٚ،وەك : تانەوتەشەر لە نەسەبی یەکترویەخەداڕنین ودەم وچاوڕنینەوە لەکاتی شین وپرسەدا، بەڵام تاوان وحەرامن،چونکەتاوانکاری وبیٚ فەرمانیخوا نەفامییە وهی پێش ئیسلامەجالەهەرسەردەمێکدا ئەنجام بدریٚ هە ر

تاوانە ونەفامیە،بۆیە پێویستەلەسەرموسڵمان سیفەتەکانی جاهیلیەت بناسیٚ وبیان زانیٚ تا نەکەوێتە ناویان، چونکە هەرکەس جاهیلیەت نەناسیٚ دووچاری دەبێت .بەڵام نەفامێتی کۆمەڵگاکان ئەوسیستم و فەرمانڕەواییە کەبەڕێوەیان دەبات وئیسلامی نییە وبڕوای بە حاکمیەتی شەرع نی یە، ئەوەکۆمەڵگایەکی نەفامیە، وە بەتاکە موسڵمانەکانیش کەلەناویاندا دەژین دەوتریٚ موسڵمانن لەناو کۆمەڵگایەکی نەفامیدا دەژین، وەهەندیٚ لەوکۆمەڵگایانە زۆربەی یاساکانیان لەئیسلامەوە وەرگرتووە، ئەوەدەتوانین بڵێین کۆمەڵگایەکی ئیسلامییەوبەڵام جاهیلیتێکەڵکردووەوەك زۆرێکەلەوڵاتەئیسلامیەکانی‌ئەمڕۆ .

## لەکۆتاییدا بەکورتی:

ژیان بەردەوام لەگۆڕاندایەوئێمەیش لەگەڵ گۆڕانی‌ئیجابی‌داین،بەڵام لەسەرجەم بوارەکان نەك تەنهاگۆڕانی سیاسی،گۆڕان لەناخەوەنەك دیکۆروڕوخسار،گۆڕانی‌دروست ولەبارنەك دروشمی بیٚ کردار،جابۆ ئەوەی پێشەنگی‌داهێنان وپێشکەوتن وگۆڕانی ئیجابی‌بین دەبیٚ بگەڕێینەوەبۆبنەماوسەرچاوەی ئاینەکەمان،چونکە ئسلام گۆڕانی ڕاستەقینەی کردلە مێژووی‌مرۆڤایەتی‌دا وئێستاش بۆگۆڕانی ئیجابی وڕەسەن دەبیٚ بگەڕێنەوەبۆ ئیسلامی ڕەسەن،بۆڕزگاربونمان لەخیانەت وگەندەڵی‌ودرۆودوڕوویی‌ناعەدالەتی‌وکوشتنی بەناحەق دەبی‌ٚبگەڕێینەوەبۆخودی ئیسلامەکە،چونکەکەسی‌ٚلەگەڵ خواڕاست نەبیٚ قەت لەگەڵ خەڵکی‌خواڕاست نابیٚ جاهەرناوێکی‌هەبیٚ بۆیە خراپ

دەڕواو خراپتر دێت،شتیچاك وبەنرخیش لای هەركەس بێت وەری دەگرین چونكە :حیكمەت وزانست بزربوی موسڵمانە لەهەر شوێنێ‌دیتی‌یەوە ئەوشایستە ترە بە هەڵگرتنەوەی،جابۆئەوەی پێشكەوتن نەبێتە پاش كەوتن وگۆڕان نەبێتەدۆڕان ولەخزمەتی خۆمان وگەل ونیشتمانەكەمان دابین لەپێناومسۆگەركردنی ئایندە یەكی پرشنگداروپێشكەوتوبۆگەلەكەمان با لە ئیسلامێكی عاتفیو چاولێكەری وڕۆتینی یەوەبگۆڕێین بۆئیسلامی(كتاب وسوننە) ئیسلامێكی محمدی ρ)، وەك ئیمامی مالیك فەرمویەتی: (تەنهابەوەچاك دەبین كە پێشینانی ئێمەی پیٰ چاك بووە) كە ئیسلامی ڕاستەقینەیە،ئیتر ئەوە هەمووی گۆڕانە وگۆڕانی چاكسازی وپاكسازییە، چونكە ئەگەر نەزانین چۆن بگۆڕێین بەدڵنیاییەوە ئەدۆڕێین،خۆئەگەر مەبەست لەگۆڕان خۆداڕنین بیٰ لەكوردایەتی وئیسلامەتی بۆ بێگانە پەرستی (پەنابەخوا) ئەوەدۆڕانەوبێگانەش هیچیان بۆنەكردین، ئێمەش دەڵێین بەڵیٰ بۆگۆڕان نەك دۆڕان،بەڵام بۆگۆڕانی بەنرخ نەك نەفامێتی هاوچەرخ .

| بابـــــەت | پێڕســــــت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| پێشـەكی | ........................................ | 3 |
| كاریگەری ورەبەرزیبۆگۆڕان | ........................................ | 6 |
| جیاوازی پێشبڕكێ وحەسودی | ........................................ | 8 |
| ئیسلام چۆن دڵەكان دەگۆڕێ | ........................................ | 10 |
| هۆیەكانی پێگەیشتن | ........................................ | 11 |
| هۆیەكانی داڕوخان | ........................................ | 12 |
| ئایا بێبڕوایان پێشكەوتون؟ | ........................................ | 13 |
| ئاینی عورفی وچاولێكەری | ........................................ | 15 |
| جیاوازیەكان خۆشی ژیانن | ........................................ | 19 |
| بەرەوگۆڕانی ئیجابی | ........................................ | 20 |
| نمونەی چاكسازی | ........................................ | 22 |
| ڕاێژگۆڕان ونوێ بونەوەیە | ........................................ | 24 |
| فەرمان بەچاكەو ڕێگری لەخراپە | ........................................ | 25 |
| ئیـسلام ئازادیە | ........................................ | 27 |
| ئیسلام عیلم وعەقڵ وپێشكەوتنە | ........................................ | 29 |
| بۆچی وڵاتانی ئیسلامی دواكەوتون؟ | ........................................ | 32 |
| بەرەوگۆڕانی بەنرخ نەك نەفامێتی | ........................................ | 33 |
| نمونەی نەفامێتی هاوچەرخ | ........................................ | 34 |
| جۆرەكانی نەفامی | ........................................ | 43 |
| لەكۆتایی دا بەكورتی | ........................................ | 44 |